WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (443) سێشەممە 2017/4/4 15ی نەورۆز - 2717 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

داوا لە مێسی دەکرێت واز لە یاری نێودەوڵەتی بێنێتەوە..

# ئەوروپییەکان لە فێڵەکانی سوارێز و نەیمار بێزارن



رووداوی وەرزشی - CNBC

هاوڕێیەکی لیۆنێل مێسی داوای لێدەکات جارێکی دیکە واز لە یاری نێودەوڵەتی بێنێتەوە. ئەوروپییەکانیش بێزاربوونە لەو فێڵانەی سوارێز و نەیمار بەبەردەوامی لە ناوبژیوانان دەکەن.

هەرچەندە هەڵەی ناوبژیوان بە بەشێک لە یاری تۆپی پێ دادەنرێت، کەچی ژمارە زیادبووەکان لەو لێدانە سزاییانەی سوارێز و نەیمار لە بارسیلۆنا بەدەستیدێنن، بێزاریی ژمارەیەکی زۆری رۆژنامەکانی ئیسپانیاو ئەوروپای لێکەوتووەتەوە. ئەو رۆژنامانە دەڵێن «سوارێز و نەیمار تووشی هەندێ خۆپێدادان هاتوون، بەڵام زیادەڕوویی لە خۆبەردانەوەیان، رۆڵی بەرچاوی لە بڕیاری ناوبژیوان هەیە، کە لە بەشێکی چرکەدا بڕیار دەدات». هەروەها دەشڵێن «وێنەکان دەریدەخەن کە سوارێز و نەیمار شێوازی بەرزکردنەوەی دەستەکان و دەنگی زۆر بەرز لەنێو هێڵی سزا زۆر بەکاردێنن». ئەو رۆژنامانە دەپرسن «ئایا ناوبژیوانی یارییەکان بەر لەوەی بچنە نێو یاری بارسا، سەیری ئەو وێنەو ڤیدیۆیانەیان کردووە، یان بۆ ئەوان هیچ مانایەکی نییە؟!».

لە لایەکی دیکەوە، ماریانۆ ئەندۆخاری گۆڵپارێزی یانەی ئیستۆدیانتسی ئەرجەنتینی، کە هاوڕێیەکی نزیکی مێسییە، داوا لە لیۆ دەکات جارێکی دیکە واز لە یاری نێودەوڵەتی بێنێتەوە، لەبەرئەوەی وەک خۆی دەڵێت «کەی مێسی وازی لە یاریکردن هێنا، ئینجا ئەرجەنتینییەکان نرخی ئەو دەزانن». ئەو گۆڵپارێزە سەری لە ئەرجەنتینییەکان دەرناچێت «کاتێک مێسی واز لە یاری دێنێت هەمووان دەڕژێنە سەر شەقامەکان، کە دەشگەڕێتەوە رەخنەی لێدەگرن و فیکیە بۆ لێدەدەن».

جیهان چاوەڕێی هاتنی ئەفسانەیەکی دیکەی تۆپی پێیە..

# پـــەرجـوو

"ئامارەکان ئەو راستییە دەردەخەن کە مباپێ زۆر لە رۆناڵدۆ و مێسی باشترە"






3

دیار رەحمان:

## یاریزانی کورد بەرەو نەمان دەچێت



2

## خوشکی رۆناڵدۆ هەرایەکی دیکە دەنێتەوە



5

LOTTO

رۆژی دووشەممە 10/4/2017 پێشبڕکێی 54مین لۆتۆی (رووداوی وەرزشی) لە RUDAW TV ئەنجام دەدرێت

8



3

# 10.4%ی کەتالۆنییەکان هاندەری ریال مەدریدن

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 443 )
سێشەممە 2017/4/4



## یارییەک بۆ چلەی شەهید

تیپی تۆپی پێیی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، بە بۆنەی چلەی شەهید شیفا گەردی یارییەکی دۆستانە لە هەولێر ئەنجام دەدات.
ئەمڕۆ سێشەممە 2017/4/4 لە یارییەکی دۆستانەدا بە بۆنەی چلەی شەهید شیفا گەردی، هەردوو تیپی تۆڕی میدیایی ڕووداو و تیپی یاریزانە دێرینەکانی یانەی هەولێر لەسەر یاریگەی فەرەنسۆ هەریری 2 ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە. شەهیدبوونی شیفا گەردی، لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکە ڕۆژنامەڤانییەکانی لە مۆسڵ، زیانێکی گەورەو کاریگەر بوو بۆ بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردی، بەڵام مێژوویەکی گەورەشی بۆ خۆی و بۆ ژنی کورد تۆمارکرد.



بەرپرسانی عێراق هیوای زۆریان بە توانای کچە یاریزانانی کورد هەیە..

# عێراق بە 13 ئافرەتی کوردەوە دەچێتە ئاسیا

**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

هەڵبژاردەی ئافرەتانی عێراق هیوایەکی زۆری بە کچە یاریزانانی کوردی خۆی هەیە، ئاستێکی بەرز لە پاڵاوتنەکانی جامی ئاسیا پێشکەش بکەن و بلیتێکی سەرکەوتن بۆ ئەو پاڵەوانیەتییە لە وڵاتی تاجیگستانەوە بهێننەوە عێراق. بەرپرسێکی فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراقیش دەڵێت «13 کچە یاریزانی کورد یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەکەن».

پاش ئەنجامدانی کەمپێکی مەشق و ڕاهێنانی چەند ڕۆژە لە تورکیا، هەڵبژادەی تۆپی پێی ئافرەتانی عێراق گەیشتە وڵاتی تاجیکستان، بۆ ئەنجامدانی یارییەکانی پاڵاوتنەکانی جامی ئاسیا، کە لەو وڵاتە بەڕێوەدەچن.

پاڵەوانیەتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی ئافرەتان ساڵی 2018 لە وڵاتی ئوردن بەڕێوەدەچێت و یەکەم و دووەمی کۆمەڵەکانی یەکەم و دووەم ڕاستەوخۆ دەگەنە کۆتاییەکان و یەکەمی چوار کۆمەڵەکەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەگەنە ئوردنی 2018.

سەعد مالح، بەرپرسی لیژنەی ژیان لە فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراق، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە ئەوان هیوایەکی زۆریان بە یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق هەیە، کە زۆرینەیان کچە یاریزانی کوردن و گوتی «هەڵبژاردەی ئافرەتانی عێراق بۆ پاڵاوتنەکان پشکی شێری یاریزانەکانی کوردەو 13 یاریزانی کورد یاری بۆ دەکەن». هەروەها گوتیشی «بەهۆی ئاستبەرزی زۆر لە یاریزانەکانی، هەڵبژاردەی ئافرەتانی عێراق هیوایەکی زۆری هەیە بە یەکەمی کۆمەڵەکەی سەرکەوێت و بگاتە پاڵەوانیەتی جامی ئاسیا».

**خشتەی یارییەکانی عێراق لە پاڵاوتنەکان بەم شێوەیە دەبێت، کە بریتییە لە 5 یاری:**

عێراق ـ تاجیکستان 3/4/2017
عێراق ـ فلیپین 5/4/2017
عێراق ـ ئوردن 7/4/2017
عێراق ـ نیمارات 10/4/2017
عێراق ـ بەحرێن 12/4/2017






دیار ڕەحمان، یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر:

# یاریزانی کورد بەرەو نەمان دەچێت

**کارزان کانەبی**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

دیار ڕەحمان، یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند چەندین یانە پەیوەندییان پێوە کردووە بۆ چوونە ریزەکانیان، بەڵام هەمیشە لە دڵەوە حەزی کردووە خزمەتی یانەی دایک بکات و گوتیشی «ئەگەر وا بڕوات یاریزانی کورد بەرەو نەمان دەچێت».

دیار ڕەحمان، کە ناوێکی دیارە لە مێژووی تۆپی پێی شاری هەولێر و ماوەیەکی زۆر خزمەتی وەرزشی شاری هەولێری کردووە، لەدوای کشانەوەی یانەی هەولێر لە خولی نایابی عێراقی، ئەویش یەکێک بوو لەو یاریزانانەی بڕیاری ڕۆیشتن بۆ یانەیەکی باشووری عێراقی دا. ئەو یانەی نەفتی وەسەتی هەڵبژارد.

لەبارەی چوونی بۆ یانەکەی باشووری عێراق، دیار ڕەحمان بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «لەبەرئەوەی یانەی هەولێر لە خولەکە کشایەوە، ناچار بووم بچمە یانەیەک لە خولی نایابی عێراق، بۆیە دوای ڕێککەوتن پەیوەندیم بە یانەی نەفتی وەستەوە کرد».

ئەو یاریزانە ئەوەشی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکراکرد کە هەمیشە گرێبەستی زۆری لەلایەن یانەکانی عێراقەوە بۆی هاتووە «چەندینجار چەندین یانەی خولی عێراقی پەیوەندییان پێوە کردوومە بۆ ئەوەی بچمە ریزەکانیان، بەڵام من هەمیشە حەزم دەکرد خزمەتی یانەی دایک بکەم، بۆیە هیچ کات بیرم لە جێهێشتنی یانەی هەولێر نەدەکردەوە».

دیار، ئاماژەی بە مەترسییەک دا، کە پێیوایە دوورکەوتنەوەی یانەی هەولێر و یانەکانی دیکەی کوردستان لە خولی عێراق ئەنجامی خراپی لەدواوەیەو گوتی «هیوادارم یانەی هەولێر بە شێوازێکی نوێ بێتەوە مەیدان و بەشداری لە خولی عێراق بکاتەوە، چونکە ئەگەر وا بڕوات و یانەکانی کوردستان بەشداری لە خولی عێراقدا نەکەن یاریزانی کورد بەرەو نەمان دەچێت و ناتوانین چیدی یاریزانانی بەتوانا بۆ کوردستان بەرهەم بێنین». ئەو پێیوایە کشانەوەی یانەی هەولێر لە خولی عێراق، هەڵە بووەو لەو بارەوە گوتی «پێموایە یانەی هەولێر بڕیارێکی هەڵەی داوە، چونکە یانەی هەولێر ناوێکی گەورە بوو لەسەر ئاستی عێراق و ئاسیا، نەدەبوایە لە خولێکی وا گەورە بکشێتەوە». ئەو یاریزانە گوتیشی «بۆ ساڵی داهاتووش بەردەوام دەبم لە خولی عێراق، بەڵام مەرج نییە هەر لە یانەی نەفتی وەست بمێنمەوە، لەوانەیە بچمە یانەیەکی دیکە».

دیار ڕەحمان، لەبارەی شاری هەولێر و خولی کوردستانیش کە ماوەیەکی زۆر ئەم دووانە بوونەتە یادگاری بۆ ئەو، گوتی «زۆر بیری شاری هەولێر دەکەم، بیری خولی کوردستان دەکەم، کە ساڵانێک ئێمە لەوێ دەرکەوتووین و هەنگاومان نا بۆ خولەکانی دیکە، ئەوەش بۆ من یادگارییەکی زۆر گەورەیە کە هەمیشە شانازی بە ناوی هەولێر و خولی کوردستان دەکەم».

لەبارەی مامەڵەی هاندەرانی یانەکەش لەگەڵیان، دیار گوتی «هەڵسەوکەوتی هاندەرانی یانەی نەفتی وەست لەگەڵ ئێمەی یاریزانانی کورد زۆر باشە، زۆر ڕێزمان دەگرن و زۆریش ئاسوودەین».

لەبەر پشتگوێخستنی یارییەکە لە کوردستان..

# 2 کچە پایسکیلسواری کورد دەچنە باشووری عێراق



**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

زریان عەتار، کچە پایسکیلسواری یانەی نەورۆز و هەڵبژاردەی عێراق، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «ماوەی دوو ساڵە لە کوردستان یاری پایسکیلسواری و یاریزانان پشتگوێ خراون، بۆیە ڕوومان کردە یانەیەکی باشوور بۆ ئەوەی بەردەوامی بە ئاستمان بدەین».

تیپی کچانی پایسکیلسواری یانەی نەورۆز یەکێکە لە تیپە هەرە بەهێزەکانی پایسکیلسواری لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، زۆربەی یاریزانەکانیشی لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقن، بەڵام بەهۆی نەبوونی پاڵەوانیەتی و پشتگوێ خستنی یاریزانانی کورد 2 کچە یاریزانی کوردی شاری سلێمانی (زریان عەتار و سۆزی دلشاد) گرێبەستیان لەگەڵ تیپی پایسکیلسواری یانەی عفکی پارێزگای دیوانیەی باشووری عێراق مۆرکردووە بۆ ماوەی یەک وەرز.

زریان عەتار، یاریزانی پێشووی یانەی نەورۆز بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت» یانەی نەورۆز ماڵی منە، سەرەتا ڕێگەپێدانم لە یانەکەم وەرگرتووە، یانەکەم منی بەشێوەی خواستن داوەتە یانەی عفک، نەک بەشێوەی گواستنەوە، بۆیە لەدوای خولی عێراق دەگەڕێمەوە یانەی نەورۆز».

لەبارەی هۆکاری ڕۆیشتنیشی لە کوردستان، زریان گوتی «ماوەی 2 ساڵە لە کوردستان یارییەکان و یاریزانان پشتگوێ خراون و هەندێک لە تیپەکانیش هەڵوەشاونەتەوە، بۆیە ئێمە ناچاربووین بۆ بەردەوام بوون و بەرزکردنەوەی ئاستمان ڕوومان کردە یانەیەکی باشووری عێراق».

ئەو کچە پایسکیلسوارە کوردە، ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەوان وەک کچە یاریزان لە دووری کوردستان کێشەیان بۆ دروست بووبێت و گوتی «هیچ کێشەیەکەمان نییە، چونکە تەنیا لە کاتی پاڵەوانیەتییەکاندا ئێمە دەچینە باشووری عێراق، مەشقەکانمان هەر لە کوردستان دەکەین». ئەو دووپاتیشیکردەوە «هۆکاری سەرەکی ڕۆیشتنی یاریزانانی کورد بۆ یانەکانی دیکە نەبوونی خول و پاڵەوانیەتییە، بەبیرم ناهێت کەی پاڵەوانیەتی لە کوردستان ئەنجام درابێت، ئەمساڵ کە تیپ زۆرە تەنیا لەبەر هەڵبژاردنە نەک گرنگی بۆ یارییەکە».

**زریان عەتار:** بەبیرم ناهێت کەی پاڵەوانیەتی لە کوردستان ئەنجام درابێت

ئۆفەرێك بۆ بەشدارانی پاكێجەكانی ئینتەرنێتی كورەك
ڕۆژانە ئینتەرنێتی بێسنوور بەخێرایی وەربگرن



ئێستا سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێتی Extra G دەتوانن هەموو ڕۆژێك بەشێوەی ئۆتۆماتیکی ئینتەرنێتی خێرایی وەربگرن لە کاتژمێر 1ی شەو تاکو 7ی بەیانی.
ئەم ئۆفەرە بۆ سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێت بەردەستە بەبێ هیچ خەرجییەکی زیدە.

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجە جۆراوجۆرەکانی ئینتەرنێت کە ئەم ئۆفەرە دەیگرێتەوە، پەیوەندی بکەن بە: #250* یان #360* یان #257*

korektel.com
411



**خێراترینە**

ئامارە فەرمییەکانی رابیتەی خولی تۆپی پێی ئیسپانیا، خێراترین یاریزانی یانەی ریال مەدرید ئاشکرا دەکەن، کە نە گاریس بەیڵی یاریزانی وێڵزییەو نە کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی، بەڵکو ناچۆ فێرناندێزی بەرگریکاری ئیسپانییە، کە ئەو یاریزانە لەم وەرزەدا خێراترین راکردنی گەیشتووەتە 34.63 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا، دوای ئەویش خێراترین راکردنی رۆناڵدۆ بووە، کە 34.59 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا بووە، لەدوای ئەوانیش گاریس بەیڵ و ئەلڤارۆ مۆراتا بە 34.30 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا لە پلەی سێیەم دێن.

## بەپێی بەدواداچوونێکی رووداو:

# مباپێ زۆر لە رۆناڵدۆ و مێسی باشترە



**پێی سەردەمدا هەڵتۆقی و ئێستا یەکێکە لە ژمارە گەورەکانی ئەورووپا، تەنانەت هەندێک بە پەرجوو (معجزە) ناوی دەبەن، بەڵام ئەمەش هەروا بە ئاسانی روویندەداوە، بەڵکو ژمارەکان قسەی گەورەتریان پێیە. لە بەدواداچوونێکدا بۆمان دەرکەوت کە بە بەراوردکردنی ئامارەکانی ئەو یاریزانە تەمەن 18 ساڵانەیە لەگەڵ ئامارەکانی لیۆنێل مێسی ئەرجەنتینی و کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی، ئەوکاتەی ئەوان لە تەمەنی ئێستای ئەم یاریزانەدا بوون، مباپێ زۆر لە هەردووکیان باشترە.**

**بەدواداچوون: سەفین تەها**

کیلیان مباپێ، ئەو یاریزانەی کە وەک مووشەک لە تۆپی ئەگەر ئاوڕێک لە رابردووی هەموو ئەستێرەکان بدەینەوە، جگە لە پێلێی بەرازیلی کە هیچ نەوجەوانێک ناتوانێت هەمان کاری ئەو دووبارە بکاتەوە، کەسی دیکە شان لە شانی کیلیان مباپێ نادات، چونکە ئەو تەمەنی 18 ساڵە، کەچی بووە هۆکار بۆ دەرکردنی گواردیۆلا و تیپەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا بووە لاوترین یاریزانی سەردەمی نوێی تۆپی پێ کە بەشداری لە یاری نێودەوڵەتی هەڵبژاردەکەی بکات.

### ئەنجامەکانی بەدواداچوونەکە

لە بەدواداچوونێکی بەشی وەرزشیی (تۆڕی میدیایی رووداو) دا دەردەکەوێت، ئەو یاریزانە واتە مباپێ لە رووی تۆمارکردنی گۆڵ و پێدانی هەلی یاریکردنەوە، زۆر لە کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی یەکەمی یانەی ریال مەدرید و لیۆنێل مێسی (کێچ)، ئەو ئەستێرەیەی کە زۆر کەس پێیانوایە لە وێنەی نەبووەو نابێت، باشترە.

کیلیان مباپێ، تەمەنی 18 ساڵ و 4 مانگ و 21 رۆژە، ئێستا با بزانین رۆناڵدۆ و مێسی کاتێک تەمەنیان گەیشتووەتە ئەوەندە چەند یارییان کردووە و چەند گۆڵیشیان هەیە.

بێگومان رۆناڵدۆ لە مێسی گەورەترە، ئەو ئێستا تەمەنی 32 ساڵ و یەک مانگە، سەرەتا لە سپۆرتینگ لیسبۆناوە دەستیپێکرد.

لە لیسبۆنا کوڕەکەی مادێرا 5 گۆڵ و 7 ئەسیستی هەبوو، بەشداریشی لە 31 یاریدا کردبوو. دواتر کە چووە مانچێستەر یونایتد، یەک وەرز و نیو یاریکرد، کەچی ژمارەی گۆڵەکان لەچاو ژمارەی یارییەکانیدا جێگەی پرسیار بوون.

دۆن لە مان یونایتد تاوەکو تەمەنی لەگەڵ مباپێدا یەکسان کردەوە، تەنیا 8 گۆڵی کرد، 6 ئاسیستیشی هەبوو.

ئەمە دەکاتە 14 گۆڵ لە کۆی 91 یاریدا، چونکە خۆی لە لیسبۆنا 31 یاری کردبوو، لە وەرزی یەکەمیدا لەگەڵ مان یونایتد 39 یاری کرد، ئەو وەرزەشی کە تەمەنی 18 ساڵی تێپەڕاند نزیکەی 21 یاری ئەنجامدابوو.

لیۆنێل مێسی، لەوەتەی لە تۆپی پێدا چەکەرەی کردووە لە یانەی بارسێلۆنا یاری دەکات، ئەو لە ساڵی 2004 بۆ یەکەمجار لە کۆتایی تەمەنی 16 ساڵیدا بانگهێشتی تیپی یەکەمی یانەکەی کرا، بەڵام تۆمارکردنی یەکەم گۆڵی دوای ماوەیەک بوو، کاتێک لە رۆژی 2005/5/1 ئەوکاتەی تەمەنی 17 ساڵ و 3 مانگ و 22 رۆژ بوو، گۆڵەکەشی لە ئالباسێتی کرد.

مێسی تاوەکو تەمەنی گەیشتە ئەو تەمەنەی کە ئێستا مباپێی تێدایە، تەنیا 8 گۆڵ و 3 ئاسیستی کردبوو، لێو لە کۆی 35 یاریدا تەنیا 9 گۆڵی تۆمارکرد.

ئینجا با بێینە سەر کیلیان مباپێ، ئەو ئێستا تەنیا دوو وەرزە بووەتە یاریزانێکی پیشەگەر، وەرزی یەکەم لە 14 یاریدا 1 گۆڵی کردووەو لە وەرزی دووەمیشدا کە ئەمساڵ دەکات، 32 یاری کردووەو خاوەنی 19 گۆڵە، کەواتە بە کۆی گشتی لە 46 یاریدا 20 گۆڵی کردووە.


### مباپێ و خێزانەکەی کێن؟

باوکی مباپێ، کە ناوی ویلفرێدە خەڵکی کامیرۆنە، پێشتر یاریزانی تۆپی پێ بووەو ماوەک لە ئەکادیمیایەک راهێنەر بوو، برا گەورەکەی کە ناوی ژیرێز کیمبۆیە یاریزانێکی پیشەگەری تۆپی پێیە و لە یانەی رینی فەرەنسی بوو، ئێستا بۆ نەسری سعوودیە یاری دەکات، دایکیشی خەڵکی جەزائیرە، ناوی فایزەیەو پێشتر یاریزانی تۆپی دەست بووە.

«دۆن لە مان یونایتد تاوەکو تەمەنی لەگەڵ مباپێدا یەکسانکردەوە تەنیا 8 گۆڵ و 6 ئاسیستی هەبوو»

«مێسی تاوەکو تەمەنی گەیشتە تەمەنی ئێستای مباپێ تەنیا 8 گۆڵ و 3 ئاسیستی هەبوو»

**کەواتە بەپێی ژمارە بێت دەستپێکی مباپێ زۆر لە رۆناڵدۆ و مێسی باشترە و ریزبەندییەکە بەم شێوەیە:**



1- کلیان مباپێ: لە 46 یارییدا 20 گۆڵ، واتە 0.4 گۆڵ لە هەر یارییەکدا.

2 ـ لیۆنیل مێسی: لە 35 یارییدا 9 گۆڵ، واتە 0.2 گۆڵ لە هەر یارییەکدا.

3 ـ کریستیانۆ رۆناڵدۆ: لە 91 یارییدا 14 گۆڵ، واتە 0.1 گۆڵ لە هەر یارییەکدا.

## ناوی ئۆمەیە قوتشاقە..

# چیرۆکی رۆناڵدۆ و پیرەژنە تورکەکە



**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

لەم رۆژانە هەموو دەزگاکانی راگەیاندنی تورکیا تەنیا باسی پیرەژنێکی تورکی بەناوی ئومەیە قوتشاق دەکەن، کە لە گوندێکی بچووک لە باشووری تورکیا نیشتەجێیە و لەبواری دەرهێنان و سینەما کار دەکات. دوای ئەوەی ئەو ژنە بەئومێدە توانی خەونەکەی بێنێتەدی، بە کارکردن لەگەڵ یەکێک لە بەناوبانگترین ئەستێرەکانی سەر زەوی، ئەویش کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی ریال مەدریدە، رۆژنامەکانی تورکیا دەڵێن «ئەو پیرەژنە ئۆفەرێکی لەلایەن دەزگای (تیرک تیلیکۆم)ی تایبەت بە بواری پەیوەندیکردن پێگەیشتووە، بۆ ئەوەی دەرفەتی بەرهەمهێنان و دەرهێنانی فیلمێکی رێکلامی پێبدرێت، کە پاڵەوانەکەی ئەستێرەکەی ریال مەدرید دەبێت، ئەوەش بۆ ئەو هەوڵە بەرچاوانەی دەگەڕێتەوە، کە بەدرێژایی ساڵانی رابردوو لەسەر ئاستی گوندە بچووکەی داویەتی، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا کارێکی لەگەڵ ئەستێرەی پورتوگالی دەستکەوێ، کە بە خەونی گەورە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرەکان لە جیهان دادەنرێت».

ئەمەو ئومەیە رووی کردە مەدریدی پایتەخت و چاوی بە دۆن کەوت و بەیەکەوە کاریان کرد، بۆ سەرخستنی ئەو کارە رێکلامییە بۆ دەزگای ناوبراو، لە ئەرکێکدا کە بەردەوام بە سەرکەوتوو وەسف دەکرێ.

### سەری لە خاکی و باشی رۆناڵدۆ سوڕما

لەو کاتەی دەزگاکانی راگەیاندنی تورکیا چاویان خستووەتە سەر خەونی بەدیهاتووی ئومەیە، کە لە دەرهێنەر و نووسەرێکی سیناریۆی بچووکی چالاک لە چواردەوری گوندە دوورەپەرێزەکەی، بۆ دەرفەتی کارکردن لە بەرزترین ئاستەوە، کەچی ئەو دەرهێنەرە نەناسراوە لە کاتی قسەکردنی بۆ رۆژنامەکانی تورکیا، زیاتر چاوی خستە سەر وردەکاریی ئەو دیدارە گەرموگوڕەی لەگەڵ رۆناڵدۆ هەیبوو، بەتایبەتی لە خاڵی پەیوەست بە خاکی ئەو ئەستێرە بەناوبانگەوە، ئومەیە لەو بارەوە گوتی «بەر لەوەی چاوم بە رۆناڵدۆ بکەوێ بە کارە خێرخوازییەکانی سەرسام بووم، کە ئەنجامی دەدان، بەڵام دوای ئەوەی بەرامبەری وەستام، دڵنیابووم شتەکە پەیوەستە بە باشی نائاسایی، کە کەسایەتی ئەو پیاوە جیادەکاتەوە، زۆر خاکی بوو و زۆر بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا کردم». ئەو ژنە تورکە هەروەها گوتیشی «نەمتوانی هەستی خۆم کۆنترۆڵ بکەم و باوەشم پێیدا کرد و گوتم کوڕی ئەزیزم، ئەویش بە وشەی دایکم وەک رێزێک بۆ من وەڵامی دامەوە، بە بیستنی ئەو وشەیە زۆر دڵخۆش بووم و هەستمکرد لە دڵییەوە دەرچووە».

### شەرمکردن و درێسی دۆن

ئەو خانمە دەرهێنەرە نەناسراوە تورکە، لەسەر ئاشکراکردنی نهێنی نێوان خۆی و رۆناڵدۆ بەردەوام دەبێت، کە لە پەراوێزی وێنەگرتنی کارێکی رێکلامی بۆ کۆمپانیای (تیرک تیلیکۆم) بوو، ئومەیە پەسنی زیرەکی رۆناڵدۆی دا، کە هەستی بە شەرمکردنی کردووەو دەستپێشخەری پێشکەشکردنی درێسی خۆی بە واژووکراوی بۆ کردووە، کە ئەویش بەدیاری داویەتی بە کوڕەکەی، کە بەر لەوەی سەفەر بکات بۆ ئیسپانیا داوای لێکردبوو درێسی دۆنی لەگەڵ خۆی بۆ بێنێت، ئومەیە بەشێوەیەکی گشتی دووپاتیکردەوە «کەسێکی زۆر دەگمەنم ناسیووە». ئەو پیرەژنە تورکە بینین و کارکردنی لەگەڵ رۆناڵدۆ بە پەیامێکی گرنگ دانا، بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێ سەرکەوتوو بن و روونیکردەوە «لەبەرئەوەی خەون بینین بە خۆڕاییە، هەموو کەسێک مافی خۆیەتی خەون ببینێت، بەڵام بە هەوڵدان بەدوای بەدیهێنانی سەرکەوتن».

«ئۆمەیە دوای بینینی رۆناڵدۆ گوتی لەبەرئەوەی خەون بینین بە خۆڕاییە، هەموو کەسێک مافی خۆیەتی خەون ببینێت»

«کە رۆناڵدۆ پێیگوتم دایکە، زۆر دڵخۆش بووم و هەستمکرد لە دڵییەوە دەرچووە»

## جەماوەری یانەی شاهانە لە کەتالۆنیا زیادیکردووە..

# 10.4%ی کەتالۆنییەکان هاندەری ریال مەدریدن

**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

هەرچەندە دوژمنکارییە مێژووییەکەی نێوان دانیشتوانی کەتالۆنیا و هەموو شتێکی پەیوەست بە مەدریدی پایتەختەوە بەردەوامە، بەڵام ژمارەیەکی گرنگ لە شەیدایانی تۆپی پێ لە کەتالۆنیا هانی یانەی ریال مەدرید دەدەن.

بە گوێرەی توێژینەوەیەکی تازەی ناوەندی توێژینەوەی رایەکان لە ئیسپانیا، رێژەی ئەو کەتالۆنیانەی هانی ریال مەدرید دەدەن بۆ 10.4% بەرزبووەتەوە، بەمەش یانەی ریال مەدرید دەبێتە دووەم یانەی جەماوەری لە هەرێمەکەدا. ئەمەو ریال مەدرید لە پێش یانەی دووەمی پایتەختی کەتالۆنیا ئیسپانیۆل دێت، کە لە توێژینەوەکە لە پلەی سێیەم دێت و رێژەی هاندەرانی لە 3.6% رەت نادات، دواتر یانەی ئەتلەتیک بلباو دێت بە رێژەی 1.4%.

وەک پێشبینی دەکرا یانەی بارسێلۆنا لە پلەی یەکەم دێت و رێژەی جەماوەرەکەشی 77.5% لە کۆی دانیشتووانی کەتالۆنیایە، هەتا لەپێش هاندەرانی هەڵبژاردەی کەتالۆنیاش دێت، کە 67.2%.

### 54.9% کەتالۆنییەکان شانازی بە هەڵبژاردەی ئیسپانیاوە دەکەن

هەر ئەوەندە نا، بەڵکو زۆربەی کەتالۆنییەکان شانازی بە هەڵبژاردەی ئیسپانیاوە دەکەن، سەرەڕای ئەوەی زۆربەیان داوای سەربەخۆیی و جیابوونەوەی هەرێمەکەیان لە ئیسپانیا دەکەن.

راپرسییەک دەریخستووە رێژەی 54.9% کەتالۆنییەکان هەست بە شانازی بەرامبەر هەڵبژاردەی ماتادۆری ئیسپانی بۆ تۆپی پێ دەکەن، ئەوکاتەی ئاستی بەرچاو پێشکەش دەکات. لەو راپرسییەی کە ناوەندی توێژینەوەی رایەکان لە هەرێمی کەتالۆنیا ئەنجامیداوە، دەریخستووە رێژەی 22.3% هەست بە شانازی زۆر، 32.6% بە کەمێک شانازی (54.9% بە کۆکردنەوەی هەردوو رێژە) دەکەن، لەو کاتەی 16.9% هەست بە شانازی دەگمەن دەکەن، رێژەی 14.2% را وەرگیراوەکان هەست بە هیچ شانازییەک ناکەن، کەچی 13.5% بایەخ بە تیپەکە هەر نادەن. سەبارەت بە هەڵبژاردەی کەتالۆنیا رێژەی 67.2% هەست بە شانازی دەکەن، ئەوکاتەی ئاستی بەرچاو پێشکەش دەکات. رێژەی 11.5% هەست بە کەمێک شانازی دەکەن، لەو کاتەی رێژەی 8.8% لە را وەرگیراوەکان هەست بە هیچ شانازییەک ناکەن، رێژەی 11.3% بایەخ بەو بابەتە نادەن.

بە گوێرەی راپرسییەکە یانەی بارسێلۆنا زۆرترین هاندەری هەیە بە رێژەی 77.5%، لە دوای ئەو ریال مەدرید دێت بە رێژەی 10.4%، ئینجا ئیسپانیۆل دێت بە رێژەی 3.6%، دواتر ئەتلەتیک بلباو بە رێژەی 1.4% و ئەتلەتیکۆ مەدریدیش بە رێژەی 1.2%.

«زیاتر لە نیوەی کەتالۆنییەکان شانازی بە هەڵبژاردەی ئیسپانیاوە دەکەن»



KOREK



## ڕاستە

جۆلیان لۆرانسی شارەزا لە تۆپی پێ، ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە کە باس لە ڕەتکردنەوەی نگۆلۆ کانتیی یاریزانی فەرەنسی یانەی چێڵسی ئینگلیزی لەلایەن ئارسین ڤینگەری ڕاهێنەری یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزییەوە دەکەن. شارەزای ناوبراو لەو بارەوە گوتی «ڕاستە، ڤینگەر پێشتر دەرفەتی ئەوەی لەپێشبوو گرێبەست لەگەڵ کانتی بکات، ئەوکاتەی یاریزانی یانەی کانی فەرەنسی بوو، بەڵام گوتی ئەو یاریزانێکی گونجاو نییە بۆ ئارسیناڵ. دواتریش هەوڵیدا لە 2016 هەڵەکەی ڕاست بکاتەوەو گرێبەستی لەگەڵ بکات، بەڵام چێڵسی لەو خێراتر بوو».



### 3 مانگە 100 پاوەندی کرێکارێکی نەداوە..

# پۆگبا گرانترین و ڕەزیلترین یاریزانی جیهانە

**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

کرێکارێک ئاشکرایکردووە، ماوەی 3 مانگە کرێی خۆی کە بڕەکەی 100 پاوەندە، لە یاریزانی فەرەنسی پۆل پۆگبای ئەستێرەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی وەرنەگرتووە.

هەرچەندە پۆگبا گرانترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێدا و مووچەی هەفتانەی 290 هەزارە پاوەندە، واتە بە ڕێژەی 100 پاوەند لە هەر 3 خولەک و 47 چرکەدا، کەچی ڕازی نییە کرێیەکەی ئەو کرێکارە بدات.

کۆندی مۆیۆ، کە ماوەی 10 ساڵە کۆمپانیای گرای پانسەر بەڕێوە دەبات، لە کانوونی یەکەمی ڕابردوودا یارمەتی پۆگبای دا بۆ گوازتنەوەی ماڵە تازەکەی. کۆندی گوتی «لەوانەیە پۆگبا گرانترین یاریزانی تۆپی پێ بێت لەم هەسارەیە، بەڵام بە گەمژەیی مامەڵەی لەگەڵ کردم، کارێکی بەیانیانە بوو و بڕیار بوو دوای تەواوبوونی کارەکە کرێیەکەمان پێبدات، کەچی تاوەکو ئێستاش پێینەداوین».

کۆندی چەند سندوقێکی تایبەتی پۆگبای لە کۆگاوە بۆ خانووە تازەکەی گواستەوە، کە بەهاکەی نزیکە 3 ملیۆن پاوەندە لە شاری ئەلترینشام. کۆندی دووپاتیکردەوە تاوەکو ئێستا کرێیەکەی خۆی وەرنەگرتووە، هەرچەندە کارگێڕی پۆگبا چەندینجار دووپاتی کردووەتەوە، لە ڕێگەی ناردنی بانکییەوە پارەکەیان ڕەوانە کردووە، بەر لەوەی بەڵێن بدەن پارەکەی دەست بدەنێ.

### لە فەرەنسا یەکەمە..

# پۆگبا ڕۆژانە 50 هەزار یۆرۆی دەستدەکەوێ

**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

هێشتا ئەو نرخەی پۆل پۆگبا لە یۆڤانتسەوەی پێی چووە مانچێستەر یونایتد، لەگەڵ ئەو مووچەی گەورەیەی لە تیپە تازەکەی وەری دەگرێت، ماددەیەکی چەورە بۆ چەندین دەزگای ڕاگەیاندن لە وڵاتەکەیدا، هەرچەندە چەند مانگێک بەسەر گواستنەوەی ئەو یاریزانە بۆ ئینگلتەرا ڕەتبووە.

لەم بارەوە چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی لە فەرەنسا دووپاتی دەکەنەوە، پۆگبا لە خولەک و نیوێک بۆ دوو خولەک بڕی 50 یۆرۆی دەست دەکەوێ، واتە پۆگبا لە ماوەی 43 خولەکەدا بڕی 1480.27 یۆرۆی دەست دەکەوێ، ئەو بڕە پارەیەش کەمترین ڕادەی کرێی بنەڕەتی مسۆگەرە لە فەرەنسا، بەمەش ئەو ئەستێرەیەی شەیتانە سوورەکان دەبێتە حاڵەتێکی هاوێر لەنێو چینی هاووڵاتیانی فەرەنسادا، پێشتریش هیچ یاریزان یان وەرزشوانێکی فەرەنسی ئەو دەستکەوتانەی لە کاروانی وەرزشیی خۆی بەدەست نەهێناوە.

ئەو ڕاپۆرتانە لەسەر ژماردنی دەستکەوتەکان بەردەوام دەبن، کە پۆگبا بەدەستیان دێنێت، لە پرۆسەی گواستنەوەی بۆ خولی ئینگلیزی، کە بێجگە لەو مووچە گەورەیەی لە گەنجینەی یونایتد وەری دەگرێت، لە لایەنی دیکەشەوە دەستی دەکەوێ، پۆگبا ڕۆژانە 50 هەزار یۆرۆی لە ساڵی کلاسیکی کە ڕۆژەکانی 365 ڕۆژە دەست دەکەوێ، ئەو بڕە پارەیەش زۆرە و هاووڵاتییەکی فەرەنسی پێویستی بە چەندین ساڵ دەبێت، تاوەکو کۆی دەکاتەوە. هەر هەمان ئەو ڕاپۆرتانە دووپاتی دەکەنەوە، پۆلینەکەی گۆڤاری لیکیپی تایبەت بە خاوەن زۆرترین داهات لەنێو وەرزشوانانی فەرەنسا لەو ساڵەدا، ئەمجارە یەکەمەکەی بۆ پۆگبا دەبێت، دوای ئەوەی ئەستێرەی باسکە، تۆنی پارکەر بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو قۆرخی کردبوو، بەڵکو هەندێک پێیانوایە پۆگبا بە جیاوازییەکی زۆر لەلایەنی داهاتەوە بەپێش پارکەر دەکەوێ، لە ماوەی چەند مانگێکی کەمی داهاتوودا، ئەوەش بۆ مووچەکەی و ئەو داهاتانەی لە ناوبانگییەکەی دەستی دەکەوێ دەگەڕێتەوە.



### بۆچی لە سەرەتای وەرزدا مۆ...

# نهێنییەکی ... شەیتانەکا...

**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانی نهێنییەکی نێومالّی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیز ئاشکرا دەکات، کە بەهۆیەوە سەرەتای یاریزانی ئەرمینی، هنریک مخیتاریان لەگەڵ مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی ئەستەم بوو.

دوای هاتنی بۆ یونایتد لە بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانییەوە لە هاوینی ڕابردوودا، مخیتاریان زەحمەتی زۆری لە یاریکردن لەژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەری پورتوگالی خۆزێ مۆرینیۆ بینی، ئەوەش لەبەر تەواو چاک نەبوونەوەی لە پێکانەکەیدا.

بە گوێرەی ماڵپەڕی یاهۆ سپۆرت، مان یونایتد ڕۆڵی بەرچاوی لە دەرنگ بەشداریکردنی مخیتاریان لە یارییەکاندا هەبوو، سەرچاوەیەک لە یونایتد

### ڕۆبن و ریبێری..

# بە دەموچاو شکاندنی یەکدی بوونەتە نزیکترین هاوڕێ

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ئاریێن ڕۆبن، ئەستێرەی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی نهێنییەکی نێوان خۆی و فرانک ریبێری هاوڕێی ئاشکرا دەکات و باسی ئەو بەگژیەکداچوونە توندەی نێوان خۆی و ئەو ئاشکرا دەکات، کە پاشان بووەتە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندییان.

ڕۆبن، بە تۆڕی سکای سپۆرتسی ئەڵمانی، گوت «لەماوەی 8 ساڵ لەگەڵ ریبێری لە بایرن یەکجار لەگەڵ یەکدی ناکۆک بووین، ئەویش لە ساڵی 2012 بوو، بەگژداچوونێکی شەرمەزارنە بوو، بەڵام پاشان بووە هۆی بەهێزبوونی پەیوەندی نێوانمان». فرانک ریبێریش لەو بارەوە گوتی «ئەو ڕووداوە بەدڵنیاییەوە ڕووی پەیوەندی درێژی نێوانمان نیشان نادات، ئێمە یاریزانی گەورەین و داوای لێبوردنم لە ئاریێن کرد لەوەی کردم، ئەوکات هەموو شتێک کۆتایی هات، پاشان پەیوەندیمان زۆر بەهێزتر بوو».

ئەمەو هەندێ دەزگای ڕاگەیاندن ئاشکرایانکرد، ئەو دوو ئەستێرەیە دوای دۆڕان بەرامبەر ڕیال مەدرید لە نیوەی کۆتایی چامپیۆنزلیگ لە ساڵی 2012 بەگژ یەکدیدا چووینەو بە بۆکس دەموچاوی یەکدییان شکاندووە، دەرکەوتنی ڕۆبن بە برین لەسەر ڕووخساری دوای یارییەکەش ئەگەرەکەی زیاتر کرد.

ریبێری، ئێستا دەیەم وەرزی لە ریزەکانی باڤاریا بەسەر دەبات، دوای هاتنی لە یانەی مارسیا لە ساڵی 2007، لەو کاتەی ڕۆبن وەرزی هەشتەمی لە ریزەکانی بەسەر دەبات، لەوەتەی لە ساڵی 2009 لە یانەی ڕیال مەدریدەوە ڕووی تێکردووە، وا بڕیارە گرێبەستی هەردوو ئەستێرە لە حوزەیرانی 2018 کۆتایی بێت.



## جوانترین لێدوان...



کاتێک کاڤانی ئەنجامی یاری بارسێلۆنا و پاریس سانجێرمانی کردە 1 ـ 3 ئاهەنگم گێڕاو چەپڵەم لێدا، بەڵام بۆ پاریس سانجێرمان بوو نەک ڕیال مەدرید

نیکۆلاس سارکۆزی
(سەرۆکی پێشووی فەرەنسا)



ئەگەر فیفا لەسەر جنێوێک 4 یاری مێسی ڕابگرێت، پێویستە لەمەودوا هەر یاریزانێک بە تۆڕەیی قسە بکات، خوێندنەوە بۆ لێوەکانی بکرێت و سزا بدرێت

لویس سوارێز
(هێرشبەری یانەی بارسێلۆنا)




بەڕای من لە ساڵی 2017دا نەیمار دا سیلڤا باشترین یاریزانی جیهانە، ئێستا ئەو لە مێسی و ڕۆناڵدۆ باشترە

ئەلیساندرۆ کوستاکۆرتا
(بەرگریکاری پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا)



لەگەڵ بارسێلۆنا ڕۆناڵدینهۆ لە من باشتر بوو، بەڵام ئەوە ئاساییە، چونکە من تەنیا ساڵێک یاریم بۆ بارسێلۆنا کردووە

ڕۆناڵدۆ
(دیاردەی تۆپی پێی بەرازیل)



ئەوکاتەی ئیدارەی یانەی لیستەر ستی پێیڕاگەیاندم کە لەسەر کارەکەم لادراوم، نەخۆشترین ساتەوەخت بوو لە ژیانی وەرزشییمدا، کاتێکی زۆر تاڵ بوو

کلاودیۆ ڕانییێری
(ڕاهێنەری پێشووی لیستەر ستی)



هیوادارم نازناوی لالیگای ئەمساڵ بۆ بارسێلۆنا یان ئەتلەتیکۆ مەدرید بێت، بۆ ئەوەی ڕیال مەدرید نەیباتەوە

داڤید ڤیا
(هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا)



## خولی پلە هەشت

تیم فایسـێی گۆڵپارێزی پێشـووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، ئێسـتا لە خولی یانە پلە هەشتەکانی ئەڵمانیا یاریدەکات. ئەو گۆڵپارێزە تەمەن 35 ساڵییە، کە پێشتر بۆ یانەکانی ڤێردەربریمەن و هۆفنهایمی ئەڵمانی یاریکردووە، بەر لە 4 ساڵ بەیەکجاری وازی لە یاری تۆپی پێ هێناوەو رووی لە یاری زۆرانبازی ئازاد کردووە، بۆیە 30 کیلۆگرامی لە کێشی خۆی زیادکردووە. فایسێ بەر لە 3 رۆژ لەسەر داوای هاورێیەکی خۆی لە یارییەکی خولی پلە هەشتی ئەڵمانیا پارێزگاری لە گۆڵی یانەی دیلینگن کرد، بەڵام بە 1 ـ 2 گۆڵ دۆڕاندی.

# رامۆس (+ 90)



**ئا: رەمزی میرەکانی**

سـێرجیۆ رامۆس، یەکێـک لە باشـترین بەگریکارانی جیهـان، کاپتنی ریـال مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسـپانیا، ئاهەنگی 31 ساڵەی تەمەنی گێڕا، دوای کاروانێکی نایاب کە سـەرکەوتنی بەسـەر هاوشـێوەکانی لە بەرگریکاران، بەڵکو بەسەر هەندێ هێرشبەرانیش بەخۆوە بینی.

ئەو بەرگریکارە توند و بەهێزە خاوەن هەستێکی بەرزی گۆڵکردن بەسـەر و لە کاتی کوشندەیە، لە ئەستەمترین کاتەکانـی یارییدا، ریال مەدریـد رزگار دەکات و لە کاتە ناسـکەکاندا نازناوەکان بەدەست دێنێت، بۆیە بە رامۆس (+ 90) ناونراوە.

### حەزی لە زۆرانبازی گا و بەرزکردنەوەی جامەکانە

رامـۆس کـوڕی ئەندەلـوس و شـاری سـڤیلیایە، بە خۆشویستنی زۆرانبازی لەگەڵ گا ناوبانگی دەکردووە، کە لـە زێدی ئەودا جەماوەرێکـی زۆری هەیە، پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ پاڵەوانەکانی هەیە، لە کاتی ئاهەنگگێڕانی بە سەرکەوتنەکانی ریال و هەڵبژاردەی لارۆخا، بەکارهێنانی بەروانکەی (ماتادۆرس) بەخۆوە بینیوە، کە لە ئیسـپانیا گای پێ کەوی دەکرێ.

رامۆس، هەروەها بە پاڵەوانی دەیەم واتە پاڵەوانیەتی ژمـارە 10ی مێرنگی لە چامپیۆنزلیگی وەرزی 2014، کە جەمـاوەری ریال مەدرید 13 سـاڵ چاوەڕێیـان کرد، بەو گۆڵەی لە خولەکی 93 تۆماریکرد بووە هۆی رزگارکردنی ریال مەدرید بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید، یارییەکە گەیشتە گێمـی زیادکـراو، پاشـان ریـال مەدرید سـەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد، بەهۆی سەرەکەی بەرگریکاری گۆڵکەر رامۆسـەوە، کە لەو کاتەوە بە رزگارکەری ریال مەدرید بە سەرە کوشندەکانی لە ناسکترین ساتی یارییەکان ناسراوە.

رامۆس هەموو نازناوەکانی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەدەستهێناوە، نازناوی یۆرۆ لە 2 وەشانی 2008 و 2012، زێدەبـاری نازناوی مۆندیالـی 2010، کە لەدوای کارلیس پویۆل کاپتنی لارۆخا بوو، لە ماوەی 5 ساڵی رابردووشدا لەلایەن فیفاوە بە باشـترین بەرگریکار دەستنیشانکراوە، کەچـی خاوەن ژمارەیەکی نەرێنیشـە، ئەویش وەرگرتنی زۆرترین کارتی سـوورە لە مێژووی ریال مەدریددا، کە 18 کارتی سوورە.

### سەیر و سەمەرەکان

هەرچی هەڵوێسـت و سـەیر و سەمەرەیە هەر لە ژمار نایە، رامۆس بە رۆحسـووکی و سەرشـێتی لـە ناوەوە و دەرەوەی یاریگە ناسـراوە، دوو گرتەی هەیە کە دیارترین کاروانەکەی ئەون، یەکەم نایەوێ زۆر باسی بکات، چونکە بۆ خۆی و تیپەکە بەسـۆیە، ئەویش لەدەسـتدانی لێدانی یەکلاییکـەرەوە بـوو بەرامبەر بایرن میونشـن لە نیوەی کۆتایی چامپیۆنسـلیگی سـاڵی 2013، کە بەشێوەیەکی سـەیر تۆپەکـەی بۆ پەیـژەکان هاویشـت، یانەکەشـی یارییەکـەی دۆڕانـد، گاڵتەکردن بە لێدانەکـەی زۆر توند بوو، گەیشـتە ئەوەی تۆپەکەی لەسـەر هەسارەی مەریخ دۆزرایـەوە لەبەر بەهێزی لێدانەکەی. هەرچی هەڵوێسـتە خۆشـەکەی دیکەی کاپتنی ریال مەدریدە، بووە هۆکاری شـکانی جامـی شـا دوای بردنـەوەی ریـال مەدریـد لە بارسێلۆنا، بە بەردانەوەی جامەکە لەلایەن رامۆسەوە، کە لەسـەر پاس لەدەستی کەوتە خوارەوە و شکا، شوفێری پاسە کراوەکەش نەیتوانی جامەکە بگرێتەوە، بۆیە جامەکە کەوتە ژێر تایەی پاسەکە و شکا، بەر لەوەی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا جامێکی دیکە بداتە ریال مەدرید، لەجیاتی ئەو جامەی رامۆس بووە هۆکاری شکانی.

> «تاکە سیفەتی نەرێنی رامۆس وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر کارتی سوورە»



# مۆرینیۆ دڵخۆش دەبێت بە رۆیشتنی زلاتان لە مان یونایتد

**رووداوی وەرزشی ـ MU4**

هێشتا زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی، ئایندەی خۆی لەگەڵ مانچێستەر یونایتد یەکلایی نەکردووەتەوە، کە ئەم هاوینە گرێبەستەکەی کۆتایی پێدێت، دەنگۆی زۆریش لەبارەی ئەگەری رۆیشتنی بەرەو خولی ئەمریکا هەیە.

خۆزێ مۆرینیۆ، راهێنەری مانچێسـتەر یونایتد لەبارەی ئایندەی زلاتانەوە رایگەیاند ئەگەر زلاتان لەگەڵیان بمینێتەوە شـتێکی باش دەبێت، ئەگەر بڕیاریش بدات لە یاریگەی ئۆڵدترافۆرد بـڕوات دڵخـۆش دەبن و گوتی «من هێمنم و چاوەڕێی بڕیاری ئەو دەکەم، ئەگەر زلاتان بڕیار بدات لەگەڵمان بمینێتەوەو دڵخۆش بێت، پێشوازی لە بڕیارەکەی دەکەین و بۆ ئەو دڵخۆش دەبین، ئەگەریش بڕیار بدات بڕوات بۆ ئەوەی هەڤرکی دیکە بدۆزێتەوە، بۆ ئەو دڵخۆش دەبین». مۆرینیۆ هەروەها گوتیشی «زلاتان بەشێکی گەورەی سەرکەوتنی تیپەکەمان بووە لەم وەرزەدا، بەڵام هەندێجار هەندێ شـتی گەورەتر لە بەرژەوەندی یاریزان یان یانە هەیە، ئەگەر بیەوێ بڕوات بۆ ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەی دڵخۆش بێت، دەتوانێت ئەمە بکات».

# ئیمزایەکی پێلێ بە 5 هەزار یۆرۆیە



**رووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

ماڵپەڕێکی تایبەت بە فرۆشتنی کەلوپەلە یادگارییەکانی ئەستێرەکانی تۆپـی پێی جیهان، توانی ئەلبومێکـی وێنەی مۆندیالی 1970 بە بڕی 5 هەزار یۆرۆ بفرۆشێت. رێکخەرانیشی دەڵێن «ئەو فرۆشتنە لەبەر ئیمزای پێلێی ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیل بووە».

دوای ئـەوەی بەدرێژایـی رۆژانـی رابـردوو خسـتبووە زیادکردنەوە، هەڵسـوڕێنەرانی ماڵپەڕەکە گوتیان، ئەو ئەلبومە کە وێنەی هەڵبژاردە و ئەستێرەکانی مۆندیالی 1970 لەخۆی دەگرێت، ئەوەندە بایەخەی لەلایەن بەشـداربووان لە زیادکردنـەوە پێنەدەدرا، ئەگەر ئیمزای پێلێی لەسـەر هەنـدێ وێنـەی ئەلبومەکە، لەگەڵ کردنە دیـاری بە زمانی ئینگلیزی بۆ خاوەن بەختەکەی نەبایە.

پێدەچێت پێلێ بە ئیمزاکردن لەسەر وێنە یادگارییەکانی رازی بووبێت، چونکە مۆندیالی 1970 بە وێستگەیەکی گرنگ لە مێژووی ئەو دادەنرێت، چۆن نا؟! ئەو پێشەوایەتی سیلساوی بەرەو سێیەم نازناوی مۆندیالی، لە یاری کۆتایی بەرامبەر ئیتاڵیا کرد، لەگەڵ تۆمارکردنی یەکێک لە جوانترین گۆڵەکانی، کە بەدرێژایی کاروانی وەرزشیی خۆی شانازی پێوە دەکات.

پێلـێ، بـە یەکێک لە بەناوبانگترین ئەفسـانەکانی مێژووی تۆپی پێ دادەنرێـت، تەنانـەت لای زۆر لـە چاودێـران و هەوادارانی تۆپی پێوە بە باشترین یاریزان لە مێژووی ئەو یارییە دادەنرێت.

## مافیای هۆڵەندا هەڕەشەی لێدەکات..

# کلایڤێرتیش گەندەڵ دەرچوو

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

چەنـد راپۆرتێکی رۆژنامەڤانـی هۆڵەندی باس لەوە دەکـەن، پاتریک کلایڤێرتی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی هۆڵەنداو یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی و بەڕێوەبەری وەرزشیی ئێستای یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، بەهۆی مافیای هۆڵەندییەوە لە بارودۆخێکی نالەباردایە.

وەک ئەو سەرچاوەیە باسی دەکات، مافیا داوای دانی یەک ملیۆن یۆرۆی لێدەکەن، کە بەهای ئەو زیانەی لەسەر گرەوکردن لەسەر خولی هۆڵەندا دۆڕاندوویانە.

راپۆرتـە رۆژنامەڤانییـەکان ئامـاژە بـەوە دەکەن، پاتریک بـەم دواییە چاوی بە مافیـاکان کەوتـووە، ئەوانیـش پێیـان گوتـووە ئەگەر ئـەو بڕە پارەیـان نەداتێ، تۆمارکراوێکـی دەنگـی تایبـەت بەو کێشـەیە بڵاودەکەنـەوە، کە کلایڤێـرت تێیدا تۆمەتبار دەبێت.

ئەو کێشەیە بۆ وەرزی 2011 ـ 2012 دەگەڕێتەوە، کە ئەوکات کلایڤێرت راهێنەری یانەی تڤێنتی هۆڵەندی بوو، پاتریک بەشـداری هەندێ گرەوکردنی کردو لەگەڵ ئەو مافیا دۆڕاندی، کە ئەمڕۆ هەڕەشەی لێدەکەن.





## لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووك لە کورەك

ئێستا لە (کورەك)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووك بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵتەوە.
پاکێجێك هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (رۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| رۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی رێنماییەکان بکە

korektel.com
411



## ستەملێکراوە

ئامارەکانی خامیس رۆدریگزی ئەستێرەی کۆلۆمبی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، ئەو راستییە دەردەخەن کە ئەو یاریزانە لەلایەن یانەکەیەوە ستەمی لێدەکرێت. چونکە لە وەتەی ئەو یاریزانە لە هاوینی 2014ەوە پەیوەندی بە یانەی شاهانەوە کردووە، تێکڕایی ئەسیستەکانی لە هەر وەرزێکدا 10 ئەسیست بووە، تەنانەت لەم وەرزەدا سەرەڕای ئەوەی زۆر کەم یاری کردووە، ژمارەی ئەسیستەکانی گەیشتووەتە 11 ئەسیست و لەدوای تۆنی کرۆسی یاریزانی ئەڵمانی یانەکە، کە 12 ئەسیستی هەیە، خامیس خاوەنی زۆرترین ئەسیستە لەنێو سەرجەم هاوڕێکانیدا.



رێبوار محەممەد

## بەرگری لە مێسی مەکەن.. تاوانبارە

پێم سەیرە دونیا ئەو هەڵا گەورەیەی لەسەر سزادانەکەی مێسی لەلایەن فیفاوە لێکەوتەوە. ئاخر ئەوە جیا لەوەی بەرگریکردن بوو لە تۆمەتبارێک، بیانوو هێنانەوەش بوو بۆ کەسێک کە تا ئێستا دونیا بەدیار سیحریەوە دۆشدادەمێنێت و ملیۆنان دایک و باوک بەهۆی ئەوەوە خەون بە دروستبوونی مێسییەکی نوێوە دەبینن.

هەڵای پاش سزادانەکە چەندە سەیر بوو، لەو سەیرتر ئەو بیانووە بێمانایانە بوون کە بۆ هەڵسوکەوتەکەی مێسی لە دوای یارییەکە هێنرانەوە و دەڵێن فیفا رقی لە مێسی هەڵگرتووە، چونکە بەشداری ئاهەنگی باڵۆن دۆری نەکردووە.

مێسی بەتایبەت و هەموو ئەستێرەکانی دیکەی تۆپی پێ لە دونیادا زۆرجار لە بیریان دەچێتەوە ئەوان ئەستێرەن و ئەستێرە بوونیش باجەکەی قورسە. من لەوەدا ناهەقی مێسی و کەسی دیکەش ناگرم کە جار جارە هۆشی خۆی لەدەستدەدات و هەڵدەچێت، توورە دەبێت و قسەی نەشیاو دەکات، ئاخر دواجار ئەویش مرۆڤەو خاوەنی هەست و نەستە، بەڵام کاتێک تۆ ناوت مێسییە نابێ شەڕ بە هیچ کەس لە دونیادا بفرۆشی، بەڵکو دەبێ ئەگەر شەڕیشیان پێفرۆشتیت، مەسیح ئاسا باوەشی میهرەبانی بکەیتەوە، چونکە تۆ مێسیت.

تا ئێستا مێسی بە یاریکردن، هەڵسوکەوتی لە یاریگەدا، مەزنی و ئاستی بەرز و گۆڵی جوان دونیای بەچواردەوری خۆیدا راگرتووە، بووەتە ئەو نموونەیەی لە هەموو دونیادا وەک کەسی سەرکەوتوو و خاوەن بەهرە تەماشا بکرێت، کاتێک مێسی ئەمە لەبیر دەکات، بێگومان دەبێ سزاکەی لە سزای کەسانی ئاسایی قورستر بێت.

کاتێک مێسی یاریدەکات ملیۆنان منداڵ لە دونیادا تەماشای دەکەن، دەیانەوێ لێیەوە فێر ببن. سەدان باوک و دایک داوا لە منداڵەکانیان دەکەن بەدیار یارییەکانی مێسییەوە دانیشن تا رەوشتی لێوە فێر ببن، بەڵام کاتێک مێسی یارییەک دەباتەوەو دوای بردنەوەکەش واز لە لایەنێک ناهێنێت، بێگومان دەبێ سزای توند بدرێت.

مێسی لە هەموومان باشتر دەزانێت قسەگوتن بە ناوبژیوان باجەکەی قورسە، هەفتانە دەیان یاریزان، راهێنەر و ئەندامی یانەکان لەسەر پەلاماردان، رەخنەگرتن و سووکایەتی بە ناوبژیوانان سزا دەدرێن، بێگومان فیفا دەزانێت ئەگەر بەرگری لە ناوبژیوانەکانی نەکات، تۆپی پێ دەبێتە یارییەکی بێتام، کەواتە بێگومان بۆ فیفا ناوزڕانی ناوبژیوانەکانی و یارییەکە، لە مێسی زۆر لەپێشترن.

ئەمە تەنیا بۆ مێسی راست نییە، هەموو یاریزانێکی دیکە بەتایبەت ئەستێرە مەزنەکان، دەبێ ئەو راستییانە لەبەرچاو بگرن، لێبوردەییەکانی کارلیس پۆیۆلتان بینیوە؟

لەوە گەڕێ مێسی سزادرا و رادەگیرێت، لەوە تێناگەم کورد کە زۆر شانازی بە ئەخلاق و رەوشتی بەرزەوە دەکات بۆچی بەرگری لە هەڵەی ئەو یاریزانە دەکات! من سەرم لەوە سووڕماوە لەم کۆمەڵگایەدا کە هەمووان خەریکی وتنەوەی وانەی مرۆڤایەتی و ئەخلاقین بەیەکدی، بۆچی ئەو بیانووانە بۆ هەڵەی یاریزانێک دەهێننەوە؟

کاتێک مێسی قبوڵیەتی باشترین یاریزان بێت، نموونەی گەنج و پیر و منداڵ بێت، لە سەکۆی مزگەوت و کڵێساکان، لە مۆزەخانەکان و گۆڕەپانەکان ناوی وەک مەزن بهێنرێت و پەیکەری بۆ دروستبکرێت، دەبێ ئەوەشی قبوڵ بێت کاتێک هەڵە دەکات، سزا بدرێت، ئەوە جارەکانی دیکە نییە خەڵک ئازاری مێسی بدات تا بەرگری لێبکرێت، ئەمجارە مێسی پەلاماری خەڵکیداوە، ئەو تۆمەتبارەو دانیشی بەهەڵەکەیدا ناوە، بە کورتییەکەی وەک چۆن رەوشتی جوانی مێسی جێگەی دڵخۆشیمانە، دەبێ هەڵەکانیشی جێگەی رەخنەمان بێت نەک بەرگریکردن و پیاهەڵدان و بیانوو هێنانەوەی نابەجێ.

# بەیڵ کەچەڵ دەبێت



**رووداوی وەرزشی - دەیلی مەیل**

رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی، نهێنییەکی تایبەت بە گاریس بەیڵی ئەستێرەی وێڵزی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئاشکرا دەکات و دەڵێت «بەردەوام قژی دەڕووتێتەوەو قژبەردانەکەی بۆ شاردنەوەی کەچەڵەیاتی خۆیەتی».

ئەو رۆژنامەیە دووپاتیکردەوە، گاریس بەیڵی ئەستێرەی ریال مەدرید، وادەی کۆتایی ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاندنەوەی قژی لە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەدەستهێناوە، ئەویش راستەوخۆ دوای تەواوبوونی ئەم وەرزە دەبێت.

بە گوێرەی سەرچاوەیەکی نزیک لەو یاریزانەوە، ئەو نەشتەرگەرییە نزیکەی 10 هەزار یۆرۆ لەسەر بەیڵ دەکەوێ، هەمان سەرچاوە باسی ئەوەش دەکات، کە بەیڵ ئێستا زۆر لە دەرکەوتنی کەچەڵی لە هەندێ شوێنی سەری پەست دەبێت و دەڵێت «ئەو شێوازە داهێنانەی قژی ئێستای بۆ شاردنەوەی کەچەڵەیاتی خۆیەتی، بەڵام هێشتاش یارمەتی نەداوە ئەو کەچەڵییە بەتەواوی بشارێتەوە، کە هەندێ شوێنی سەری گرتووەتەوە».

ئەو سەرچاوەیە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە بەو بڕیارە بەیڵ لەسەر رێچکەی راهێنەری چێلسی، ئەنتۆنیۆ کۆنتی دەڕوات، کە ئەویش بڕیاری داوە داوی تەواوبوونی پابەندییەکانی لەگەڵ چێلسی، نەشتەرگەری چاندنەوەی قژی لە نەخۆشخانەیەکی کەنەدا ئەنجام بدات.

پێشبڕکێ



## بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

جەمال سەعید لە مێرگەسوور

بە لێدوانی:

**(هەستەوە، خۆمان نادەین بەدەستەوە)**

---

رووداو وەرزشی
ژمارە ( 443 )
سێشەممە 2017/4/4

## 3 LOTTO پەنجاو شەشەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..........................................

مۆبایل : ..........................................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
www.rudaw.net
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان
هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە